# هۆکارەکانی بەدەوڵەتنەبوونی کورد!

## - بەشی چوارەم!

**سیروان کاوسی**

sirwan.kawsi@gmail.com

20/12/2013

خەلیفە مەئموون مرد و، دوو کێشەی گەورەی بەچارەسەرنەکراوی بۆ جێنشینەکەی موعتەسەم جێهێشت. لەوەسیەتنامەکەی، شۆرشی خۆرمدینان بەسەرۆکایەتیی بابەک بە گەورەترین مەترسیی بۆ سەر دەسەلاتی عەرەب و ئاینی ئیسلام ناودەبا و، ئامۆژگاریی موعتەسەمی جێنشینی دەکا بەهەر نرخێک بووە بابەکی خۆرمدین و شۆرشەکەی لەنێوبەرێ. قووڵبوونەوەی جەنگی نێوان دوو ئیمپراتۆریی ئیسلامیی و مەسیحی و مردنی مەئموون، هەلێکی باشی رەخساند بۆ سوپای خۆرمدینان کە هێرشێکی بەرفرە لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەدژی سوپا و داودەزگەکانی حکوومەتی ئیسلامیی دەستپێبکەن. سەرتاسەری باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان (**ئازەربایجانی ئێستا وپارێزگەی ورمێ**) لەسوپای عەرەب پاککرایەوە، ئەوجا راپەڕین هەرێمەکانی **ئەردەڵان و کرماشان ولۆڕستان** و **شیراز و ئەسفەهانیشی** گرتەوە. زۆربەی شاروهەرێمەکان کەوتنەدەستی کورد و، لایەنگرانی پاپەکی خۆرمدینەوە. موعتەسەم لەساڵی 833ی زاینیی، بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینی ناوچەکانی **کرماشان** و **لۆڕستان** سوپایەکی گەورەی ئامادەکرد بە فەرماندەیەتیی "**ئیسحاق ئیبراهیم مەسحەب.**". لەگەڵ کوو سوپای ئیسلام گەیشتە سنوورەکانی کوردستان، بەنیازی بڵاوکردنەوەی جەوی ترس و تۆقاندن و شکاندنی ورەی خەڵک و لایەنگرانی خۆرمدینان، کەوتنە قەڵاچوکردنی دانیشتووانی گوندەکان. ئەوجا، لەشارەکانی ناوچەی **کرماشان و لۆڕستان و هەمەدان و هەورامان** جەنگێکی گەورە وخوێناویی دەستپێکرد، دوای چەندین مانگ شەڕی دەستەویەخە و تێکهەڵپرژان و سەرپەڕاندن و کەوتنی لاشەیەکی زۆری کوژراوی هەردوولا لە گۆڕەپانەکانی جەنگ، سەرئەنجام **ئیسحاق ئیبراهیم** و سوپای عەرەب بەربەرکانێی کوردانیان تێکشکاند. شاری کرماشان کە لەو سەردەمەدا ناوەندی بازرگانی و جوانترین شاری هەرێمەکە و ئاوەدان و پڕحەشیمەت بوو، سووتێندرا و تالانکرا (**لەبەشەکانی داهاتوودا زیاتر باسی کرماشان دەکەین کە چەندجارێکی تریش لەلایەن سوپای ئیسلامەوە سووتێنراوە و دانیشتووانەکەسی قەڵاچۆکراون**). لەو زنجیرە ئەنفالانەی کە نێوی لێنرابوو "**جیهاد لەدژی کافران**"، دەیانهەزار گەورو ومنداڵی کورد لەنێوچوون. هەزاران پیاوی جەنگاوەر لەگەڵ هەزاران ژنوکچ وکوڕی لاوومێردمنداڵی کورد، بوونە کۆیلە و بەرەو بەغدا

بران.  **کچان و ژنان و مێردمندالّ لەنێو کۆشکی سولّتان و سەردارانی سوپا دابەشکران، ئەوانەش کە مانەوە لەبازاڕەکانی کۆیلەفرۆشیدا، فرۆشران، تێکرای لاوان و پیاوانیش لەسێدارەدران".**

**بەوتەی دوو مێژوونووسی بەناوبانگی دنیای ئیسلام "محەممەد جەریر تەبەری (1*)" و "عەلی محەممەد جزیری (ابن اثیر 2*)" پتر لەشەست هەزار کورد لەو شەڕانەدا کوژران، ژمارەیەکی زۆریش بەرەو خاکی ئیمپراتۆریی مەسیحی (بیزانس) هەلاّتن. هەزاران لایەنگری خۆرمدینان لەژنوپیاو بەدیل گیران و بران بۆ بەغدا...".**

چەند لایەنێک لەشکستی سوپای خۆرمدینان لە هەرێمەکانی **هەمەدان و هەورامان و کرماشان و لۆڕستان** دەوری سەرکییان هەبوو، یەکەم: دوای ئازادکردنی ئەم ناوچانە لەلایەن خەلّک ولایەنگرانی خۆرمدینانەوە، خەلّیفە موعتەسەم بەخێرایی سوپایەکی گەورەی بەڕێکرد بۆ سەرکوتکردنی شۆرشەکەیان، سوپای خۆرمدینان دەرفەتی ئەوەیان لەبەردەستدا نەبوو، هێزێکی پەروەردەکراوی شەڕزانی خاوەنبیروباوەڕ و پۆشتەوپەرداخ بۆ بەربەرەکانێی هێرشی عەرەب ئامادەبکەن. لەکاتی گەیشتنی سوپای عەرەب بۆ هەرێمەکانی خوارووی کوردستان، زیاتر خەلّکی ئاسایی بوون کە بەداروبەرد بەرەوڕوویان دەبوونەوە، بۆیە نەیانتوانی لەبەرامبەر هێرشی بەربلاّوی سوپای پۆشتەوشەڕکەری ئیسلامدا درێژە بەشەڕەکەیان بدەن و، بەرگریی لەخۆیان و شارەکانیان بکەن. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، لەنێو سوپای عەرەبدا ژمارەیەکی کەمیان بەڕەگەز عەرەب بوون، زۆرێک خێلّ و عەشیرەت بەپارەو زێڕ و، رازیکردنیان بە تالاّنیی ئەنفال، لەگەلّ سوپای عەرەب دەکەوتن. لەنێو ئێرانییەکان و کورداندا سوپایەکی بەکرێگیراو دامەزرابوو، کە وەک کەواسۆری بەرتیپ، پێش چەکداری عەرەب دەکەوتن و، بەناوی موسلّمان و لەشکری ناعەرەبی ئیسلامەوە، شەڕی کوردی هاوڕەگەزی خۆیان دەکرد.. ئەم سوپایە گورزیکی گەورەیان سازکردبوو، نێویاننابوو **"کافرکوژ"**. ئەم هێزە بەکرێگیراوە  کە لەوێژەی سیاسیی ئەوڕۆکەی کورددا ناوی **"جاش"** یان لێنراوە، دەور و کارکردی زۆری هەبوو لە سەرکوتکردنی راپەڕینە گەورەکەی هەرێمەکانی **هەورامان و کرماشان  وهەمەدان  و لۆڕستان**.

کاتێک خەلّیفەکانی عەباسی، مەئموون و موعتەسەم لەو راستینەیە گەیشتن، بەهێزی کەمی خۆیان و بەفەرماندەی خۆیانەوە ناتوانن بابەک و شۆرشەکەی لەنێوبەرن، ئەوجا بەبەخشینی زێڕوزێو و بەلّێنی پلەوپایە بەگەورەکانی عەشیرەت و سەرۆکخێلّەکانی کورد و ناکوردی وەک سەرۆکخێلّەکانی ئێرانی و ترکان، نەخشەی شەڕی کورد بەکورد و، فارس بەکورد و ترک بەکوردیان داڕشت. ئەم سیاسەتە بەتایبەتیی لەسەردەمی موعتەسەمی خەلّیفەدا بوو بە ستراتیژی سیاسی و سەربازیی حکوومەتەکەی. کۆسپێکی دیکەی سەرڕێی بابەک و بزووتنەوەکەی ئەوەبوو، زۆربەی سەرۆکخێلّەکان و بەگشتی چینەکانی دەولّەمەندی شار و ئاغا و دەرەبەگەکانی کورد و ئێرانیی، دژی بابەک بوون، چۆنکە وەک پێشتر ئاماژەمکردپێی، بابەک، چلۆن شەڕی سەروماڵیی لەدژی عەرەب خستبووەڕێ، ئاوەهاش دژی فیۆدال و بەگزادە و چینی دەولەمەندی کورد و ئێرانی بوو کە خەلّکیان دەچەوساندەوە و لەداهات و سامان و بەری رەنجی هەژارانیان دەخوارد، زۆرینەی ئەو

زەنگین و فیۆدالانەش لەگەڵی بوون و، باجیان دەداپێی، لەڕووی بیروباوەڕەوە نەبوو، بەڵکو لەترسی لەدەستدانی سامان وگیانیان بوو خۆیان بەدۆست و لایەنگری پیشاندەدا. ئەم راستینەیەش کاتێک ئاشکرابوو کە شۆرشەکەی بابەک بەرەو کزیی چوو، هەموویان روویان لێوەرگێڕا و بوونە پشتیوانی حکوومەتی ئیسلامیی. (دواتر بەدووروودرێژیی باسی ئەم بابەتە دەکەین!).

دوای قەڵاچۆکردنی چوار هەرێمی گەورەی کوردان (**کرماشان و هەورامان و هەمەدان و لوڕستان**)، بابەک سنوورەکانی ژێردەسەلاتی بچووک وتەسککرایەوە و تەنیا ئازەربایجانی بەدەستەوە ما. شکستی خۆرمدینان لەناوچەکانی خوارووی کوردستان نەک هەر نەبووە هۆی ورەبەردانی سوپای خۆرمدینان، بەڵکو هێزوباوەڕێکی زیاتری پێبەخشین و بەشەویخوێن و هێرشی لەناکاو و خستنەداوی هێزەکانی عەرەب لەشوێنەجیاجیاکان، قەرەبووی شکست و قەڵاچۆی هەرێمەکانی خوارروویان دەکردەوە. خەڵیفە موعتەسەم بۆ رێگرتن لە هەڵگیرسانی شۆرشێکی نوێ، لەسەر داوای راوێژکارانی، "**خدری کوڕی کاووس**" (ئەفشین) **کە شازادەیەکی ئازا و پسپۆرێکی کەموێنە بوو لەپیشە و کاروباری جەنگیدا، بانگهێشتکرد و، بەڵێنی داپێی گەر بێتوو بابەک و شۆرشەکەی لەنێوبەرێ، ئەوا فەرمانڕەوایەتیی خۆراسان و کوردستانی پێدەسپێرێت. بنەماڵەی خدری کاووس حوکمڕانی "ئەشروسنە" و هەرێمەکانی سەرووی خۆراسان بوون.** بەپێی هێندێک سەرچاوەی مێژوویی لەوانە، **شاعیر و** مێژوونووسی عەرەب بەناوی "ئەبوو العلاء المعري" ساڵی **1058 -1057** لەکتێبەکەیدا بەناوی "رسالة الغفران" نووسیویەتی: ***ئەبوومو‌سلم خۆراسانی و خوشکەزاکەی بەناوی "بابەکی خۆرەمی" هەروەها فەرماندەی لێهاتوو "خدری کوڕی کاوس" هەرسێ کورد و زەندیقی بوون".***

**ئەگەر ئەمە راست بێ و، خدری کوڕی کاووس (ئەفشین) وەک لەناوەکەیڕا دیارە کورد بووە نەک رەگەزێکی تر، ئەم راستینە تاڵ وژەهراوییەمان بۆ ئاشکرادەبێ، کورد لە هەزارودووسەتساڵێک پێش ئێستا بەدەستی خۆی نەک هەر شکستی بە گەورەترین شۆرشی رزگاریخوازیی خۆی هێناوە، بەڵکو یارمەتی دوژمنەکەی داوە نیشتمانەکەی داگیربکا و، شانبەشانی داگیرکەرەکەی، گەلەکەی خۆی قەڵاچۆکردووە.. وەک پێشتر ئاماژەم کردپێی، بەشێک لەشازادەو کەسایەتی و زانا و رۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە و سەدەکانی دواتریش، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و لەپێناو دەستخستنی پلەوپایە و خۆپێگەیاندن لەسایی دەسەڵاتدارانی عەرەبەوە، دژایەتیی بابەک و شۆرشەکەی و شۆرشەکانی دواتریان کرد و، بوونە پشتیوانی خەڵیفەکانی ئیسلام، کە ئەفشین و زانای گەورە "دینەوەری" نموونەیەکی ئەوانەبوون. بێگومان رووداو و کارەساتەکانی دوانزەسەدە بەر لەئێستا، وەک زۆرێک لە لاپەڕەکانی مێژووی ونبووی کورد پێویستی بە شرۆڤە و لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەی ورد و ماندوونەناسانەی کۆمەڵەکەسێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر هەیە، لەناوەندێکی زانستی- نیشتمانیی کوردیدا، سەرجەمی سەرچاوە مێژووییەکانی کۆنی ناوچەکە بەئاسۆری و سریانییەوە هەتاکو یۆنانی و عەرەبی و ترکی و فارسی، شەنوکەو بکەن و، مێژووی راستینەی کورد سەرلەنوێ بنووسنەوە، ئەو مێژووە لەمێشکی کورد**

بسڕدرێتەوە کە داگیرکەرانی کوردستان بەتایبەتیی لەماوەی سەدساڵی رابردوو بەپێی ئامانجی رەگەزپەرستانەیان بۆ گەلانی خۆیان وبۆ کوردی بندەستی خۆیان نووسیوەتەوە...

خەلیفەی ئیسلام موعتەسەم، نەک هەر خدری کوڕی کاوسی کردە حوکمڕانی کوردستان، بەڵکو زۆرینەی فەرماندەکانی سوپای ئیمپراتۆریی ئیسلامیی ناردەلای و، هەموو دەسەڵاتێکی داپێی و، داواشی لەسەردارەکانی کرد، لەژێر فەرمانی خدر کاووس (ئەفشین) دابن. ئەوجا هەزاران تەن خواردن و پێداویستیی سەربازیی ناردبۆی. بووجەیەکی زۆروزەوەنیشی بۆ سوپاکەی ئەفشین تەرخانکرد. رۆژی دەهەزار دەرهەم دراوی ئەوکات بۆ کاتی پێشڕەوی و، رۆژی پێنج هەزار دەرهەم بۆ کاتی پشوو. لەهەر فرسەخێکدا دەستەیەک سوارچاک دانران، کە پەیام و نامە و هەواڵەکان لە کەمترین ماوە، لەسامەڕاوە بگەیەننە شاری "هەلوەن" (حەلوان3*)، (پای تاق) لەنێزیکی کرماشان، لەوێشەوە بیگەیەننەوە سامەڕا. لەسەر هەر تەپۆڵکەیەکی نێزیک بەیەک چاودێری سەربازیی دانران، لەکاتی دیتنی نامەبەرەکان، بەدەنگی بەرز چاودێرەکەی دیکە لەهاتنی ئاگاداردەکرا. پەیامەکان لەماوەی چواررۆژ لە ناوچەی کرماشانەوە دەگەیشتنە سامەڕا. لەکرماشان بەولاوە – بەرەو بەشەکانی خواروسەرەوی رۆژهەڵاتی کوردستان- هەتاکو ئازەربایجانی ئێستا، ئەگەرچی داگیرکرابوونەوە، بەڵام هێشتا شۆڕش و نارەزایەتیی بنبڕنەکرابوو، سوپاودەستەپێوەندەکانی عەرەب لەم ناوچانەدا هەستیان بە مەترسیی دەکرد، لەبەر ئەوە دەستەی سوارچاک و نامەبەر و چاودێر لەسەر گردۆڵکە و تەپۆڵکەکان دانەنرابوون و، بەناوچەی جەنگ و ناوچەی بابەک و لایەنگرانی ئەژماردەکرا. ئەمەش بەڵگەیەکی روونی دیکەیە بۆ ئەوەی بزانین ناوەند و جەرگەی بزووتنەوەکەی خۆرمدینان، کوردستان بووە. هەرچییەک سەرچاوەی فارسییە، بەتایبەتیی ئەو نووسەر و مێژوونووسە فارسانەی لەزەمانی رەزاشاوە کە رژێمی ناسیۆناڵی فارسی دامەزراند، تاکو ئەمڕۆ لەبارەی شۆڕشی بابەک و خۆرمدینان نووسیویانە، هیچیەکێکیان پێوانە و پرنسیپی پیشەکەی خۆیان وەک مێژوونووس و نووسەر بەکارنەهێناوە و، پەنایان نەبردووەتە بەر ویژدانی خۆیان، بۆ یەکجاریش نێوی کوردستانیان نەهێناوە و، ناوی ئازەربایجان و "جبال" (چیاکان) یاننووسیوە، تەنانەت زۆر بێویژدانانە ئەوەشیان نەنووسیوە ئەو خەڵکەی بەقەولی ئەوان لە "جبال" ژیاون، سەر بەچ تیرە و رەگەزێک بوون!؟

بۆ لەنێوبردنی شۆڕشی خۆرمدینان سوپایەکی مەزن لەسەدانهەزار چەکداری عەرەب و ناعەرەب پێکهات. سەرداری عەرەب "**سەعید محەممەد کوڕی یوسف مزووری**" لەلایەن خەلیفەی ئیسلام موعتەسەمەوە نێردرا بۆ "**ئەردەویڵ(4*)**" و "**زەنگان**" و "**مادینشار**" (فارسییەکەی کراوە بە **ماهنشان**) و "**ماد ئاوا (5*)**" بۆ ئەوەی سەرجەمی ئەو پێگە و لەشکرگە سەربازییانە چاک کاتەوە کە سوپای بابەک لەنێویان بردبوون. دەستەیەک لەسوپای خۆرمدینان شەو هەڵدەکوتنەسەریان، بەڵام چەکدارەعەرەبەکان پێشتر لەڕێگەی سیخوڕ و بەکرێگیراوی خۆجێییەوە بەنەخشەکەیان زانیوە، هێرشەکەیان تێکدەشکێنن، ژمارەیەکیان لێدەکوژن، ئەوانی دیش

دەگرن، سەری براوی کوژراوەکان لەگەڵ دیلەکان بەنیشانەی سەرکەوتن، دەنێرن بۆ بەغدا. بەوتەی مێژوونووسی گەورەی ئیسلام **"تەبەری"**، ئەمە یەکەمین شکستی سوپای بابەک بووا!

کاتێک دەسەڵاتدارانی ئەمارەتەکوردییەکان زانییان موعتەسەم دەسەلاتێکی زۆری بەخشیوەتە ئەفشین و، سوپایەکی گەورە و گران رووی لەهەرێمەکەیە، ئەوجا یەکەیەکە لەهاوکاریکردنی بابەک خۆیان کێشایەوە و بەنهێنیی پێوەندییان گرت بە بەغدا و ئەفشینەوە، بەنێوبانگترین و دەسەڵاتدارترینی ئەمانەش دەرەبەگێکی کورد بوو بەناوی **"محمد البعیث" (محەممەد ئەلبەعیس)** کە هەر لەناوچەی ورمێ وە، هەتاکو تەوریز مۆڵکی ئەو بوو. ئەم کابرایە بۆ پیشاندانی نیازپاکیی خۆی لەگەڵ خەلیفەی بەغدا، یەکێک لەسەرداره بەناوبانگەکانی بابەک بەناوی **"عیسمەت کورد"**، ی بانگێشتی کۆشکەکەی کرد و، پێشوازییەکی گەرمی لە عیسمەت کورد و پاسەوانەکانی کرد. بەپێی پیلانێک پێشتر دایرشتبوو، دەستیانکرد بە کوشتنی پاسەوانەکانی عیسمت کورد، ئەوجا لەنێو کۆشکیشدا دەرژێن بەسەر عیسمەت کورد و بەگوریس و زنجیر دەیبەستنەوە، ژمارەیەکی کەم لەپاسەوانەکانی فریای خۆیان دەکەون و، لەشەڕ و تێکهەچوونێکی دژواردا دەتوانن خۆیان لەکوشتارگەکە رزگاربکەن و، بگەرێنەوە و هەواڵەکە بگەیەننە بابەک. سەرداری کورد عیسمەت کورد، بەکۆتوزنجیر و هێزەوە دەنێردری بۆ بەغدا. ئەم پاڵەوانەی شۆرشی خۆرمدینان، ماوەیەک بەدڕندانەترین شێوە لەبەغدا شکەنجەدەدری، لەبارەی تاکتیک و شێوازەکانی جەنگیی بابەکەوە هەموو زانیارییەک لەزمانی دەردێنن، ئەوجا لەشی پارچەکراوی وەک گۆشتی قوربانیی، بەگۆڕەپانی شاردا هەڵدەواسن.

**ئەفشین (خدری کاووس)**، بەلەشکر وچەکوجبەخانەی زۆروزەوەنەوە بەرەو باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان ملی رێیگرتەبەر. لەهەر شوێنێک هۆردووەکەی لایبدایە، مەتەرێز و خەنەقیتان بەچواردەوری خۆیدا دروستدەکرد. مەفرەزەی شناسای و پشکنین بەچواردەوری هۆدوودا دەگەڕان. ئەفشین هەروەها دەستیکرد بە سازکردنی تۆڕی سیخوڕی وبەخشینی پارە و زێروزێو بە گوندنشینەکان و قەرەج و کۆخوکوێستان نشینەکان و، کرینی خەڵک و کۆکردنەوەی زانیاریی ورد لەسەر هاتوچۆکردنی هێزەکانی خۆرمدین. نامەبەرەکانی پەیتاپەیتا دەگەڕانەوە بۆ سامەڕا و دراو و زێری زیاترتان دەهێنابۆی. هەرچییەک پێویستبوایە موعتەسەم دەیناردبۆی و، هەموو جارێکیش "ئەفشین" ی ئاگاداردەکردەوە بەوپەڕی وردبینی و هۆشیارییەوە نەخشەکەی بەرێتە پێشەوە بۆ ئەوەی لەبەرامبەر بابەکدا تووشی شکست نەیەت. لەیەکێک لەو کاروانانەی کە خەلیفە بۆ یارمەتیدانی ئەفشین بەڕییکرد، جگە لەناردنی هێزی تازە و، زێروزیوی زیاتر، هەروەها بەرگرووی تایبەتی کۆشک و سەرئاشپەزی کۆشک لەگەڵ چەندین تەن درکی لەئاسندروستکراوی ناردبۆی کە بەچواردەوری هۆردووەکەیدا بلاویکەنەوە بۆ بەرگری لەهێرشی سوپای خۆرمدین. کاتێک بابەک ئەم هەواڵەی بیست، گوتی: **"خەلیفەی ئیسلام کەسی بەدەورەوە نەماوە، سەرئاشپەز و جلدووری تایبەتی خۆی دەنێری شەڕمان لەگەل بکەن!".**

## "ژێدەر"

(*1) - **محەممەد جەریر تەبەری** ساڵی 218ی هەتاوی نێزیکەی دوانزەسەدەیەک بەر لەئەمڕۆ، لەشاری **ئامۆل** لەباکووری ئێران هاتووەتە دنیاوە. خاوەنی پەرتۆکێکی مێژوویییە بەناوی **"تاریخ طبری"**، هەموو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و ئێران بۆ ماوەی چل ساڵ بەرێکوپێکی تۆمارکردووە. لەسەدەکانی دواتردا، ئەم پەرتۆکەی تەبەری بوو بەسەرچاوەی زانیاریی بۆ هەموو ئەو نووسەرانەی لەئیسلام و دەسەڵاتدارێتیی ئیسلامییان کۆڵیوەتەوە. تەبەری ساڵانێکی زۆر لە بەغدا ژیا و جگە لەنووسینی پەرتۆکی مێژوویی، سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی قورئان بوو لەبەرگێکدا بەناوی **"جامع البیان عن تاویل"**. لەسەر داوای **"ئەلمۆکتەفی"** خەلیفەی عەباسی، دوو کتێبی دیکەی نووسی، یەکیان، کۆکراوەی بیروڕای هەموو زانایانی ئاینی و پیاوچاکانی ئیسلام تاکو ئەوکات سەبارەت بە ئاینی ئیسلام دواون، دووەمیان، ژیاننامەی **چوارخەلیفەی "راشدین"** (**ئەبووبەکر، عومەر، عوسمان و عەلی**).

(*2)- **عێزەدین ئەبولحەسەن جزیری (ابن اثیر)**، کوڕی **ئەبووبەکر محەممەد عەبدولکەریمی مووسڵی** لەزانایانی سوننەی شافعی، ساڵی 1160ی زاینی **لەباکووری کوردستان** هاتووەتەدنیاوە، **عێزەدین حەسەن جزیری** لەگەڵ دووبراگەورەکەی **(ئەبووسەعادەت مەجدەدین موبارەک و ئەبولحەسەن عەلی)**، لەریزی گەورەترین زانایانی ئیسلامن. لەنێو ئەم سێ برا زانا و هەڵکەوتووەدا، عێزەدینی براچکۆلە (ابن اثیر)، بەگەورەترین لێکۆڵەر و مێژوونووسی دنیای ئیسلام لەقەلەم دراوە. لەماوەی ژیانیدا ئەم بەرهەمانەی نووسیوە:

**1- "اسد الغابه فی معرفة الصحابه" (ناو و کورتەیەک ژیانی 7500 کەس لە یاران وپێڕەوانی نێزیکی پێغەمبەری ئیسلامی تێدا تۆمارکراوە). 2- پەرتۆکی مێژوویی "ئەتابەکانی مووسڵ". 3- "کتاب تحفة العجائب و طرفة الغرائب" 4- پەرتۆکی "جامع الکبیر فی علم البیان". 5- پەرتۆکی "الکامل فی التاریخ" ڕووداوەکانی جیهانی تاکو ساڵی 627ی کۆچی - مانگی تێدا تۆمارکردووە. 6- پەرتۆکی " اللباب فی معرفة الانساب ".**

گەورەترین بەرهەمی عێزەدین جزیری کتێبە مێژووییەکەیەتی کە هەتاکو ئەورۆش بە گەورەترین سەرچاوەی مێژوویی زانستی دادەنرێ. سەردەمی ژیانی عێزەدین جزیزی هاوکات بووە لەگەڵ کۆتاییەکانی حوکمڕانیی سوڵتان جەلالەدین خوارەزمشا وسەرهەڵدانی ئیمپراتۆریی مەغۆلەکان. ڕووداوەکانی ئەوسەردەمەی بەوردی وەک خۆی تۆمارکردووە، لەبەر ئەوە کتێبە مێژووییەکەی بەگەورەترین سەرچاوەی باوەڕپێکراو دادەنرێ سەبارەت بە سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی دەسەلاتی مەغۆلەکان.

(3*) - شاری "ئەڵوەن" (حەلوان)، لەنێزیکی شاری کرماشان هەڵکەوتبوو، لەریزی ئەو شارانەدا بوو کەوتبووە سەر هێڵی "جادەی هەورێشم" وە. دەیان زانا و کەسایەتیی گەورەی ئایینیی لەسەدەکانی یانزەودوانزەی زاینی لەم شارەوە سەریانهەڵدا. دواتر ئەم شارە بەرەو وێرانی چوو، هۆی ئەمەش نازانرێ، پاش دەیانساڵ "سەرپێڵ زەهاو" کە ئەوکات گوندێکی بچووک بوو، بەرە بەرە ئاوەدانی تێکەوت و پەرەی سەند و بوو بەشارێکی گەورە و جێی شاری "ئەڵوەن"ی گرتەوە. ئەم شارە دێرینە ئێستەش ئاسەوارەکەی ماوە.

(4*) - وشەی "ئەردەوێڵ" کە فارسەکان کردوویانە بە "اردبیل" "ئار – دەوێرە". "ئار" وێنەیەکی دیکەی "ئاگر" ە. "دەوێر" "دەڤەر" ە کە لە کوردی باکووردا بەکاردەبرێ و مانای شوێن و جێیە. وشەی "دەوار" یش کە بەجێی مەڕ و ماڵات و گا و مانگا دەگوترێ، هەر لەمەوە هێنراوە. "وار" و "وێر" بەمانای شوێنی نیشتەجێبوونە.

بڕوانە: (چەند وشەیەک لەبارەی ئەم پەرتۆکەوە، پێشەکیی دوکتۆر جەمال نەبەز بۆ پەرتۆکی: "مێژووی دەسەلاتدارێتیی ئاینی لەئێران" لەنووسینی سیروان کاوسی لاپەڕە 12 ساڵی 2010).

(5*) - "مادشا" (ماهنشا) شارێکی گەورە و شوێنی نیشتەجێبوونی سەردەمی مادەکان بووە کە ئێستا لەپارێزگەی "زەنگان" هەڵکەوتووە. ئێستەش گوندێک لەپانزە کیلۆمێتری شاری مادنیشان بەناوی "ماد ئاوا" هەیە. هۆزی گەورەی "ماد" کاتێک بەرەو پەلاتی ئێران و کوردستانی ئێستا هاتن، بەشێکی لەچۆمی قەزڵوەزان مانەوە کە ئێستەش بەناوچەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەژماردەکرێت.